لوقمان مەحموود

# گەڕانەوەی یەکەم بۆ کۆمەڵە شیعری "چاوێک بۆ عەشق باوەشێک بۆ خۆشەویستی"ی شاعیر گەژاڵ ئیبراهیم خدر .. شاعیری روونی و سادەیی

لە عەرەبییەوە: ئاکۆ کەریم مەعروف

چەند حەز دەکەم کە ئەتبینم
هەموو جەستەم بێ بەدەم و
تێر ماچت کەم
بەڵام ئازیز زۆر دەترسم رۆژێک دابێ
لە ناو هەموو ماچەکاندا
خۆم ون بکەم



کەژاڵ واقیعی خودی خۆیەتی بۆ عەشقی خۆشەویستیی ئەم واقیعی خودەش لە قەسیدەیەکەوە بۆ قەسیدەیەکی تر جیاوازە پلەی هۆشیاری بۆ ئەم واقیعەش جیاوازیی هەیە، کە لە نووسینی شیعرێکەوە هەستکردنێکی گشتیی قووڵ بۆ ئەو کۆمەڵە شیعرە پێک هاتووە، کە لە هێڵێکی بەرفراوانی بەرز لە هەستکردن بە سۆز و گەرمیی فێنکایی دەگرێتەوە، کە شیعر راپێچ دەکات بە ئاراستەکردنی وەرچەرخانە تازەکان کە بە زمانێکی مەجازی لەسەر پێوانەی جەستەی خۆشەویستی دەدوێت

**چەند حەز دەکەم کە ئەتبینم**

**هەموو جەستەم بێ بەدەم و**

**تێر ماچت کەم**

**بەڵام ئازیز زۆر دەترسم رۆژێک دابێ**

**لە ناو هەموو ماچەکاندا**

**خۆم ون بکەم**

ئەگەر تەماشای وێنەی جوانی ئەم شیعرە بکەین دەبینین هیچ دەمامکێک نییە بۆ ئەم قەسیدەیە، چونکە سۆزی خۆشەویستی لە سەرچاوە بنەڕەتییەکەوە دەڕژێت کە ئەویش قووڵاییی ناخی شاعیرە کە بەیەک حاڵەتی بەیەک رۆشنایی: هەروەکو ئەوەی سەرجەم قەسیدەکان یەک بەرگیان لەبەر دابێ رەنگە ئەم حاڵەتەش بەهۆی سۆزێکی ویژدانییەوە بێ، چونکە کەژاڵ مامەڵە لەگەڵ شیعردا دەکات بە هوشیارییەکی سۆزداری زیاتر لە هۆشیاری مەعریفی ئەوەتا لە کۆپلە شیعرێکدا دەڵێ:

**لە ناو کۆمەڵێ هاوڕێدا دانیشتبووم**

**باسی جوانی مرۆڤێکیان بۆ دەکردم**

**تووڕەبووم و هەستام لەوێ**

**ئێستا لە خۆم دەپرسم**

**بشێ لە تۆ جوانتر هەبێ**

هیچ سنوورێک سۆزێک نییە بۆ ئەم سنوورە، لەبەرئەوەی ئەم کۆپلە شیعرە لە وەرچەرخاندایە لەسەر ژێی خودێکی عاشق بە چالاکییەکی سۆزداری قەسیدەکە ملکەچ

دەبێ بۆ روونی و سادەیی شاعیر زمانێکی زۆر سادە بەکار دەهێنێ بە عەشقێکی داهێنەرانە، چونکە لکاندنی نێوان حاڵەتەکانی سۆزێکی داهێنەرانەی نێوان ئەم زمانە سادە و روونەیە و بەڵگەیەکیشە لەسەر ئەوەی کە شاعیر تەنیا راستگۆیانە تەعبیر لە دڵی دەکات:

**وا دەزانی زویر دەبم**
**فلان و فیسار وا دەڵێن**
**کە من بەندەی چاوانت بم**
**کەی عاشقم، گەر گوێ بگرم**
**ئەم چی دەڵێ ئەو چی دەڵێ ؟**

سەرەڕای دارمانی بەهاکان لەگەڵ رووتبوونەوەی زمان سەرەڕای نوێگەریی پۆست نوێگەریی هیچ تەوژمێک لەم تەوژمانە بەبا و زریانەکانییەوە لە توانایدا نییە کە ببێتە رێگر لە دڵنیایی و خۆشەویستیی عەشقی سۆزی کەژاڵ لەبەرئەوەی قەسیدەکانی جوان و نایاب و دڵخۆشن لێو بەخەندە و پێکەنین ئامێزن: لە کاتێکدا کە خودی شاعیر خەمبار و دۆش داماوە؟ ئەو ساتانەی کە لە ماڵی شاعیردا بە هاوڕێیەتی خێزانە شاعیرەکەم "دڵشاد یوسف" بەسەرم برد بە هەموو تەواوی کەموکورییەک بە کرێگرتنی مافی تر لە کارەبا، ئاو، گەرما، لە دڵەڕاوکێی خەمەوە، قسەمان لەسەر هەموو شتێک کرد جگە لە قەسیدە، شیعر، کتێب و نووسینەوە نەبێ، لە سلێمانی هەموو شتێکم بە بەرزی بینی، هەر لە ئاڵای کوردستانەوە، شەرەف، کەرامەت، سەربەرزی ئینسان، کێوەکان، درەختەکان، باڵەخانەکان، شاعیرەکان، باخچەکان، پارکەکان، قەسیدەکان، رۆژنامەکان، کتێبەکان، شیعرەکان، تەنیا ئاستی کارەبا نەبێ زۆر نزم بوو لە باشترین حاڵەتیشدا دۆزیمەوە، کارەبا، بەڵام بە هەناسە بڕوای دەگەیشت.

.........................................................

لوقمان مەحموود.. شاعیر و رەخنەگر لە کوردستانی سوریا خاوەنی (٥) نامیلکە شیعرییە